نمونەی هاوڕێی باش وهاوڕێی خراپ وەك میسك فرۆش وخۆشکاری کورەی ئاسن وایە

لە ئەبی موساوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نمونەی هاوڕێی باش وهاوڕێی خراپ وەك میسك فرۆش وخۆشکاری کورەی ئاسن وایە، میسك فرۆش: یان هەندێکت پێدەدات (وەکو دیاری)، یان لێی دەکڕیت، ویان بۆنێکی خۆشت بەسەردا دێت، وخۆشکاری کورەی ئاسن: یان جلەکانت دەسوتێنێت، ویان بۆنێکی ناخۆشت بەسەردا دێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نمونەی دوو جۆر لە خەڵکی باسکرد: جۆری یەکەم: هاوڕێی چاك ؛ کە ڕێنموێنی دەکات بۆ لای خوای گەورە وئەو شتانەی ڕەزامەندی پەروەردگاری تێدایە، ویارمەتیدەرە لە گوێڕایەڵیکردنی پەروەردگار، نمونەی ئەم کەسە وەکو فرۆشیاری میسك وایە، یان هەندێکت پێدەدات، یان ئەوەتا لێی دەکڕیت، یان بۆنی خۆشی بەسەرتا دێت. جۆری دووەم: هاوڕێی خراپ ؛ کە مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە ڕێبازی اللە، ویارمەتیدەرە لەسەر کردنی گوناهەکان، وکردەوەی خراپ وناشیرینی لێوە دەبینیت، وتووشی سەرزەنشتی دەبیت بەهۆی هاوڕێیەتی ودانیشتن لەگەڵی نمونەی ئەم کەسە وەکو ئەو ئاسنگەرە وایە کە فوو دەکات بە کورەدا ؛ یان ئەوەتا جلەکەت دەسوتێنێت بەهۆی پرژی ئاگرەکە، یان ئەوەتا بەهۆی نزیکبوونت لێی بۆنی پیس وناخۆش دێت بەسەرتدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3127